# گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


# شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا


**هێرش رشید عبدالرحمن**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان , کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ,زانکۆی سەلاحەددین , هەولێر, هەرێمی کوردستانی- عێراق .

hersh.rashed1991@gmail.com

**د. هێمن محمد اسماعیل**

بەشی جوگرافیا , فاکلتی ئاداب ,زانکۆی سۆران , سۆران, هەرێمی کوردستانی- عێراق .

Hemn.Ismail@soran.edu.iq



## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/١٢

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٢/٢٠

بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

*Using, Blended Learning, Geography, Perspective, Teachers*

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.4.13



## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی ئاست و پەیوەندی و جیاوازی گۆڕاوی ڕەگەزی بۆ برگە و بوارەکانی پێوەری شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا، توێژەر ڕێبازی شیکاری وەصفی بەکارهێناوە،گۆمەڵگای توێژینەوەی پێکهاتووە لە سەرجەم مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کە ژمارەیان (185) مامۆستایە لە قوتابخانە حکومیەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی2021-2022، توێژەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەی هەستا بە ئامادەکردنی پێوەری ڕاپرسی بۆ ڕوانگەی مامۆستایان کە لە (23) برگە پێکهاتبوو، پاش دڵنیابوون لە جێگیر و ڕاستگۆیی پێوەرەکە، توێژەر هەڵستا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە کە پێکهاتبوو لە (100)مامۆستا، (35)نێر و (65)مێ، دوای کۆکردنەوەی داتاکان و شیکرنەوەیان بە بەرنامەی ئاماری(spss)توێژەر گەیشت بەم ئەنجامانە: پێوەرەکە و بوارەکانی بە شێوەکی گشتی ئاستێکی بەرزی هەیە لە ڕوانگەی مامۆستایان ، جیاوازی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) بۆ گۆڕاوی رەگەزی پێوەرەکە لە روانگەی مامۆستایان، پەیوەندی بەهاداری ئاماری هەیە بۆ پێوەرەکە لە نێوان بوارەکانی گرفتی پەیوەندیدار بە(مامۆستا، قوتابی،مەنهەج)، بەڵام پەیوەندی بەهاداری ئاماری نییە بۆ پێوەرەکە لە نێوان بوارەکانی گرفتی پەیوەندیدار بە(ژێرخانی فێرکردنی ئاو ێتە، رێکاکانی وانەوتنەوە ) لە روانگەی مامۆستایاندا ،وە لە کۆتایدا توێژەر چەند پێشنیار و راسپاردەیەك دەخاتە روو .

# 1- ناساندنی بابەتی توێژینەوەکە

## 1-1 پێشەکی

بەهۆی پێشکەوتنی جیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا لەسەدەی (21)دا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فیرکردن بۆیە سیستەمی فێرکردنی هاوشێوە تەنها پشتی بە مامۆستا بەستووە بۆ گواستنەوەی زانست و زانیاری بۆ ژمارەیەکی زۆری قوتابیان، هەروەها ئەو شێوازە لە فێرکردن تووشی چەندین گلەیی و گرفت بووە وە بۆ نموونە وەکو گەشەنەکردنی قوتابی لە رووی زانست و زانیارییەوە وە گوێنەدان بەحەزوو و ئارەزووەکانیان، وە هەروەها لەبەرچاونەگرتنی جیاوازی تاکایەتی لەنێوان قوتابیاندا، ئەمەش وای کرد بووە هۆی گرنگیدان بەلایەنی بیرکردنەوە و شیکردنەوە و گەڕان بەدوای زانست و زانیاریدا، هەروەها پشتگوێ خستنی لایەنی تیۆری و کردارەکی، هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کاریگەری زۆری کردووەتە سەر سیستەمی پەروەردە و فێرکردن .

لەژێر رۆشنایی شۆرشی زانیاری و دەرکەوتن و جێگیربوونی تەکنیکەکانی بەرهەم هێنانی پرۆسەکردن و خەزنکردنی زانیاری و هەروەها دەرکەوتنی تۆری زانیاری نێودەوڵەتی "ئینتەرنێت" کە بۆ هەموو وڵاتەکان و تاکەکانی بەردەستە کە قوتابیان بە ئاسانی و خێرا و لە هەرکاتێکدا بیەوێت توانای بەدەستگەیشتنی بۆ زانیارییەکان هەیە، جگە لە پەیدابوونی چەند رێگایی پێویست و گرنگ و پەیوەندیدار بە رێبازی نوێی پەروەردەیی وەک فێرکردنی ئاوێتە بۆ ئەوەی قوتابیان بتوانن سوود لە توانای کۆمپیوتەر وەربگرن لەسەر بنەمای خێراییەکی گەورە و توانای مرۆڤ لەسەر بنەمای زیرەکی و داهێنان، فێرکردنی ئاوێتە سیستمێکی یەکخراوە کە شێوازی نەریتی فێربوونی رووبەڕوو لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فێربوونی ئەلیکترۆنی ئۆنلاین تێکەڵ دەکات بۆ ڕێنوێنیکردن و یارمەتیدانی قوتابی لە ماوەی هەر قۆناغێکی فێربووندا وەک یەکێک لە دەروازە مۆدێرنەکان لەســەر بنەمای بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای فێربوونی نویٚ (الفقي، 2011، ص 15) .

بێگومان بەکارهێنانی ئەو شـێوازە لە بابەتی جوگرافیادا وەکو بەکارهێنانی بابەتی ئۆنلاین و سیستەمی زانیاری جوگرافیا لە دروستکردنی نەخشە و ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی جوگرافیا بۆیە داواکاری هەیە لەشێوازی زانستی جوگرافیادا بۆ نموونە وەکو بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و تەلەفزیۆن و چەندانی تر .

## 2-1 گرفتی توێژینەوەکە

پێشـکەوتنی هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەك پشـت دەبەسـتێت بە پێشـکەوتی ڕەوتی بواری پەروەردە و فێرکردن بۆیە ســەپەرشــتیاران و پســپۆڕانی بواری پەروەردە و فێرکردن بەردەوام لە گەڕان و بەدواداچووندان بۆ ئەو شێوازە فێرکردنانەی کە بەکاردەهینرێت لە ناوەندەکانی خوێندندا .

ئاڕاســتە و بنەما پەروەردەییەکان بەردەوام جەختیان لەســەر ئەوە کردووە و دەیکەن کەپرۆســەی فێرکردن وەك پێویســت نابێتە پرۆســەیەکی کارا و کاریگەر و بەرهەمهێنەر وە ئەو ئامانجانەی مەبەستمانە یان خوازراون بە ئاستی ویسترا و ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت،ئەگەر قوتابی سەنتەر و تەوەرەی سـەرەکی پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردن نەبێت و ڕۆڵێکی ئەرێنی و کارا و چالاك نەبینێت، هەرچەندە مامۆســتا پشــت ببەســتێت بەو ڕێگایانەی کە قوتابی تیایاندا بینەر و وەرگرە، هەروەها قوتابی بە هەموو توانا و لێهاتووی و حەزوو و ئارەزوو و پاڵنەری متمانەبەخۆبوونییەوە ســەر دەر نەکات لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتی وانەکە و بیر و هزر و چالاکییەکانی تایبەت پێیەوە لەگشــت هەڵوێســتە جۆراوجۆرەکانی فێرکاری و خوێندن و فێربووندا، ڕەنگە ئەنجامی ئەم جۆرە فێرکردن نەگاتە ئاستی پێویست وە ئامانجە بەدەست هێنراوەکانیش وەك پێویست نەبن(شێروانی،2012,لا1) سـەرەڕای بڵاوبوونەوەی شـێوازی فێرکردنی ئاوێتە بە تایبەت لە هەرێمی کوردسـتاندا بەڵام هێشـتا ڕێگایەکی زۆری ماوە بۆ ئەوەی شــیکردنەوە و هەڵســەنگاندنی بۆ بکرێت بزانرێت ئەو ڕێگایە ســەرکەوتوو بووە یان نا، زۆرجاران ئەم شــێوازە لەلایەن هەندێك لە مامۆســتایان بەشــێوەیەکی تامەزرۆ هەوڵی بەکارهێنانی دەدەن بەڵام لە کۆتاییدا هەندێك لە مامۆســتایان تووشــی بێ هیوایی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبن لە بەکارهێنانی ئەم شـێوازی فێرکردنە بۆ نموونە ئەم شـێوازە لەڕووی مادییەوە تێچووی زۆرە، پێویســـتی بەمامۆســـتایەکی کارامە و بەتوانا هەیە کە شــــارەزایی باشـــی هەبێت لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، ئەو قوتابیانەی فێری ئەو شـــێوازە دەکرێن توانا و کارامەییان کەمترە بۆ گفتوگۆکردن و پێشـــخســـتنی تواناکانیان هەروەها هەندێك جار ئەم شـــێوازە مرۆڤ تووشـــی بێزاری دەکات ، لەژێر ڕۆشنایی گرفتی تویژینەوەکە چەند پرسیارێك سەر سەرهەڵدەدات کە ئەمانەی خوارەوەن:

1 -ئـایـا برگە و بوارەکـانی شـــێوازی بـەکـارهێنـانی فێرکردنی ئـاوێتـە لـە بـابـەتی جوگرافیـای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا لە چ ئاستێکدایە ؟

2 -ئـایـا جیـاوازی هەیە بۆ شـــێوازی بـەکـارهێنـانی فێرکردنی ئـاوێتـە لـە بـابـەتی جوگرافیـای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی(نێر و مێ) ؟

3 -ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان بوارەکانی شـــێوازی بەکارهێنـانی فێرکردنی ئـاوێتـە لە بـابـەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا ؟

### 3-1 گرنگی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەك لە هەر بوار و پســـپۆریەك دەکرێـت گرنگی و تـایبەتمەنـدی خوی هەیە ڕەنگە لە ئێستادا یان لە داهاتوودا سوود لەم توێژینەوانە وەربگیرێت، گرنگی ئەم توێژینەوەکە بریتییە لە:-

1- ئاشـکراکردنی کاریگەری فێرکردنی ئاوێتە لە بەرەو پێشـبردنی ئاراسـتەکانی زانسـت و زانیاری و پەروەردەیی لە بابەتی جوگرافیادا .

2- گرنگی بەکارهێنانی شـێوازی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیا بۆ زیاتر گواسـتنەوەی زانیاری بۆ قوتابیان هەورەها گۆرینی ڕۆڵی قوتابی لە بیستن و بینەرەوە بۆ ڕۆلی سەنتەر .

3- بەکارهێنانی شێوازی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیا پۆلی هەشتەمی گرنگی تایبەتی خۆیی هەیە بۆ قوتابی و مامۆسـتا وەکو شـێوازەکی نوێ فێرکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا چونکە سەردەمی بەکارهێنانی تەکنلۆجیایە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا .

### 4-1 ئامانجەکانی توێژینەوە

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە:

1- زانینی ئاستی شـێوازی بەكارهێنانی فێركردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشـتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا .
2- بۆ زانینی جیاوازی شێوازی بەكارهێنانی فیركردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی .
3- بۆ زانینی پەیوەندی نێوان بوارەكان شێوازی بەكارهێنانی فێركردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا .
4- گرنگترین ئالنگاری كە روبەروی مامۆسـتایانی بابەبتی جوگرافیا دەبتەوە لە كاتی سـتراتجیەتی بەكارهینانی سیستەمی ئاوێتەدا .
5- ئایا رەفتاری قوتابی بەرامبەر بەكارهینانی سـتراتجیەتی بەكارهینانی سـیسـتەمی ئاویتە چیە لە گۆتنەوەی باەبتی جوگرافی.

## 5-1 گریمانەی توێژینەوە

توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەكەی، توێژەر ئەم گریمانانەی خوارەوەی دارِشتووە:
1- جیاوازی بەهاداری ئاماریی نییە لەئاسـتی (0،05) لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەی مامۆسـتایان بۆ شـێوازی بەكـارهێنـانی فێركردنی ئـاوێتە لەبـابەتی جوگرافیـای پۆلی هەشـتـەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەكانی پەروەردەی ناوەندی هەولێردا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز .
2- پەیوەندی بەهاداری ئاماریی هەیە لەئاسـتی (0،05) لە نێوان برگەكانی شـێوازی بەكارهێنانی فێركردنی ئـاوێتە لەبـابەتی جوگرافیـای پۆلی هەشـتـەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی مـامۆسـتـایـان لە قوتابخانەكانی ناوەندی پەروەردەی هەولێردا .

## 6-1 سنوری تویژینەوە

توێژەر سنوری توێژینەوەكەی دیاری كردووە كە بریتییە لە:
*بواری مرۆیی: مـامۆسـتـایـا بـابـەتی زانسـتە كۆمەڵایەتییەكانی پۆلی هەشـتـەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەكانە حكومییەكانی پەروەردەی ناوەندی هەولێردا .
*بواری كات: بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) .
*بواری شوێن: سەرجەم قوتابخانەكانی بنەڕەتییەكانی پەروەردەی ناوەندی هەولێردا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 7-1 پێناسەی زاراوەکان

* فێرکردنـــی ئـــاوێتە بـــریتییە: لەو فێربـــوونەی کـــار لەســـەر ئـــاوێتەکردنی هاوســـەنگانەی هەر یەك لە لایەنە دەستنیشـــانکراوەکانی کـــرداری فێرکـــردن دەکـــات، وەکـــو: فێربـــوونی رووبەڕوو، فێربـــوونی ئاراســـتەکراو لە لایەن مامۆســـتا لە لایەك ، فێربـــوونی ئەلیکتـــرۆنیش لە لایەکـــی دیکەوە (Lee ,2008 ,p363) .

* فێرکردنـــی ئـــاوێتە یەکـــێکە لە شـــێوازەکانی فێرکـــردن یـــان فێربـــوون کە تیایـــدا هەردوو جـــۆری فێربـــوونی ئەلیکترۆنـــی لەگەڵ فێربـــوونی نـــاوپۆلی ئاســـایی لە یەك چوارچێـــوەدا ئـــاوێتەی یەکتـــری دەکـــرێن، بە جۆرێـــك کە ئامرازەکـــانی فێربـــوونی ئەلیکترۆنـــی چ ئەوانەی پشـــت بە کۆمپیـــوتەر دەبەســـتن، یـــان ئەوانەی لەســـەر تـــۆڕی ئینتەرنێـــت وانە دەخـــوێنن، وەکـــو هاوکۆلکەکـــانی کۆمپیـــوتەر و پـــۆلە زیرەکەکـــان، کە تیایـــدا مامۆســـتا زۆربەی کاتەکـــانی لەگەڵ قوتابیان ڕووبەڕوو وانە دەخوێنن (زیتون، 2005،ص 173) .

* پێناســـەی ڕێکاری فێرکردنی ئاوێتە : دەتوانین بڵێین فێرکردنی ئاوێتە یەکێکە لە ســـتراتیژییەتی فێرکارییەکان کە تیایدا ســـوود لە هەموو تواناکان و هۆکار و ئامرازە تەکنیکییە بەردەســـتەکان وەردەگرێت، ئەوەش بە تێکەڵکردنی زیاتر لە شـــێواز و ئامرازێکی فێرکردن چ ئەلیکترۆنی بێت یان خوێندنی ئاســـایی ناوپۆل ، ئەوەش بە مەبەســـتی پێشـــکەشـکردنی هوشـــیاریی نوێ لە فێرکردن کە لەگەڵ خەســـڵەت و پێداویســـتییەکانی قوتابیان دەگونجێت لە لایەکەوە , لەگەڵ ســـرووشـــتی ئەو بابەتەی دەخوێندرێت و ئەو ئامانجە فێرکارییانەی مەبەســـتە بهێنرێنەدی لە لایەکی دیکەوە ، بەو نمرەیەش پێوانە دەکرێت کە تاکی چاوگە نموونەی لە توێژینەوەکە بە دەســـتی دەهێنێت، لەســـەر بڕگەو ئامرازەکانی توێژینەوەکە بۆ ئەم مەبەستە سازو ئامادە .

## 2- لایەنی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

2-1 لایەنی تیۆری

2-1-1 فێرکردن ئاوێتە

**2-1-1 پێشەکی**

بەهۆی ئەو پێشـــکەوتنی جیهان بەگشـــتی و کوردســـتان بەتایبەتی لە بواری تەکنەلۆژیـادا بە خۆیانەوە بینی لەمەوپاش دەسـتبەرداربوونی لە تەکنەلۆژیا لەوانەیە کارێکی ئەسـتەم بێت، ئەمەش بەهۆی ئەو ئـاســـنکارییـانەی کە لەهەموو بوارەکـانی ژیـان و بەتـایبەتی پەروەردە و فێرکردن لەم سەردەمەدا و لە داهاتوودا پێشکەشمان دەکات، بۆیە دەزگاکانی فێرکردن کێبرکێ لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەکەن و هەوڵدەدەن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێراییە و ســـەردەمیانەی کەڕوودەدەن ،ئێستا کە لەسەردەمی بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی پەیوندیکردن و ڕێگای عەمبارکردن و گەیشـتن بەسـەرچاوەکانی زانیاری کە لەهەموو سـەردەمێك پێشـکەوتووتر و ئاسـنترە ، وە قوتابیان دەتوانن بەئاسانترین شێوە زانیاری بەدەست بهێنن(محمد ،2021، لا 141) .

فێرکردنـــی ئـــاوێتە شـــێوازێکی فێرکـــردنە کە تێکەڵبـــوونی کـــاریگەرە لە نێـــوان شـــێوازی جیـــاوازی فێرکرنـــدا، بەکارهێنـــانی فێرکرنـــی تەقلیـــدی لەگەڵ فێرکرنـــی ئەلکترۆنـــی بـــۆ بەدەستهێنانی باشترین تایبەتمەندی لە هەردوو ڕێگادا(شواهین ، 2016،ص 3) .

مەبەســـت لە شـــێوازی فێرکردنی ئـاویتە هەردوو ڕێگـای وانەوتنەوەی تەقلیـدی(ڕووبەڕوو) و ئەلکترۆنی دەگرێتەوە، لەم شـــێوازەدا فێرکردنەدا کەروســـتەکانی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت لە پێناو بـاشـــترکردن و بەهێزکردنی فێربوون بەکـاردەهێنرێـت ، زاراوەی فێرکردنی ئـاوێتە بۆ یەکەم جـار بەشێوەیەکی فەرمی لە ساڵی (1999) لەلایەن ناوەندەکانی فێربوونی کارلێك(EPIC) بەکارهێنراوە ، کە کۆمپانیایەکی فێرکاریی ئەمرکییە لە ئەتلانتا (محمد ،2021، لا 141) .

### 2-1-2 چەمکی فێرکردنی ئاوێتە

بەهـــۆی ئەو کەموکوڕیـــانەی کە لە فێرکردنـــی ئەلیکترۆنیـــدا دەرکەوتـــن ، هەروەهـــا بـــوونی چەنـدین سـوودی شـێوازی فێرکـردن تەقلیـدی(ڕووبەڕوو) ، زۆرێـک لەپەروەردەکـاران پەنایـان بـردە بەر دروسـتکردنی پرۆسـەی تێکەڵاوکردنـی هەردوو شـێوازێکی فێرکردنـی ئەلیکترۆنـی و تەقلیـــدی(ڕووبەڕوو) بـــۆ ئەوەی دوور بکەویـــنەوە لە کەموکوڕیەکـــانی هەردوو شـــێواز کەهەیە بـۆ بەدەسـتهێنانی باشـترین شـێوازی فێرکردنـی کە سـوودی بـۆ پرۆسـەی فێرکـردن هەبێـت ، بۆیە فێرکردن ئاوێتە دەرکەوت(برهوم, 2013,ص 42) .

بێگومان ناوێکی زۆر هەیە کە دەکرێت ناوی فێرکردنی ئاوێتە بێت ، لە زمانی عەرەبی بە( التعليم المدمج ، والتعليم المختلط ، والتعليم الخليط ، والتعليم المخلـــــوط ، والتعليم الممزوح ، والتعليم التمازجي ، والتعليم المتمازج ، والتعليم الإلكتروني الممزوج ، والتعليم الهجـــــين ، والتعلم متعدد المـداخـل ، والتعليم المؤلف ) نـاوی هـاتووە(العمری، 2012،ص 15) ، لە زمـانی ئینگلیزیشـــدا بە(Blended Learning ، Mixed Learning، Hybrid Learning، Integrated Learning ، Dual Learning) ناوی هاتووە(ابو الريش ، 2013، ص 13) ،هەروەها لەزمانی کوردیشـــدا بە (فێرکردنی تێکەڵاو یان فێرکردنی ئاوێتە) ناوی هاتووە .

هۆکاری فرەیی ناوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی تێڕوانین لەسەر سروشت و جۆری فێرکردنی ئـاوێتە، بەڵام هـاوڕایە لەســەر تێکەڵکردنی ڕێگـای فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەگەڵ ڕێگـای فێرکردنی تەقلیـدیـدا(ڕووبەڕوو) و ئەو تێکەڵبوونە لە ڕێگەی بەکـارهێنـانی ئـامراز و میتۆدەکـانی فێرکردنەوە دەبێت(عبد العاطي، والمخيني،2010،ص 2) .

خمـــیس(2003) بەوە پێناســـەی کـــردووە : "سیتســـەمێکی تەواوە و ئامـــانجی یارمەتیـــدانی قوتـــابیە لە میـــانی هەر قۆناغێـــك لە قۆناغەکـــانی فێربـــوون ، لەســـەر ئـــاوێتە و تێکەڵکردنـــی نێـــوان فێرکردنـــی تەقلیـــدیی(ڕووبەڕوو ) و ئەلیکترۆنـــی بە هەمـــوو شـــێوە هەمەجۆرەکـــانی لە ناو هۆڵەکانی خوێندنەوە راوەستاوە"( خميس ،2003،ص 255) .

زیتون (2005) وا پێناســـەی دەکات : "یەکێکە لە جێگرەوەکانی فێربوونی تێکەڵ، کە تیایدا کرداری فێرکردن و فێربوونی وانەیەکی دیاریکراو، یان زیاتر لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە میانی شێوازەکانی فێربوونی ناوپۆلی ئاســـایی ئەنجام دەدرێت، وەکو (راڤەکردن،مشـــتومڕو گفتوگۆ،مەشـــق راهێنان، هەڵســـوکەوت کردن) هەروەهـا فێرکردنی وانەیەکی دیکە، یـان زیـاتر بەئـامرازەکـانی فێربوونی ئەلیکترۆنی (بەرنامەکارییەکانی فێرکردن,کۆنگرە ڤیدیۆییەکان,چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان)، هەروەها تیایدا هەڵســـەنگاندن بۆ فێربوونی قوتابیان دەکرێت بۆ وانەکانیان، چ ئەوانەی لە رێگەی شێوازەکانی فێربوونی ناوپۆلەوە یان ئەلیکترۆنییەوە فێری بوون(زیتون،2005، ص 174) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الشـــرمان (2015)هەروەها بەوە پێنـاســـەی فێرکردنی ئـاوێتە دەکـات دەڵێـت فێرکردنی ئـاوێتە ستراتیژییەکی نوێیە نێوان ڕێگەی فێرکردنی تەقلیدی(ڕووبەڕوو) و باشترین سوودیش وەردەگرێت لە پیـادە و جێبەجێکـاری تەکنەلۆژییەکـانی زانیـارییە هـاوچەرخەکـان ، بۆ نەخشـــەســـازیکردنی هەڵوێســـتێکی فێرکاری کە خوێندن و وانەی ناو پۆل و خوێندن لە ڕێگەی ئینتەرنێت پێکەوە تێکەڵ دەکات(أصلان ، 2015،ص14) .

تویژەر بەم شـێوەیە پێناسـەی فێرکردنی ئاوێتە دەکات کەوا بریتییە لەشـێوازێکی نوێی فێرکردن ، کە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی شـێوازی فێرکردن تەقلیدی(ڕووبەڕوو) و شـێوازی فێرکردنی ئەلکترونی وە سـوود بینین لە تایبەتمەندیی و ئامرازەکانی هەر دوو شێوازەکە بۆ باشـترکردنی کرداری فێرکردن چ لەناو پۆلی خوێندن بێت یان لە دەرەوە پێی دەوترێت فێرکردنی ئاوێتە .

## 3-1-2 مامۆستا

مامۆستا یەکێکە لە پێداویسـتییە مرۆییەکان شـێوازی فێرکردنی ئاوێتە، ئەم شێوازەش پێویسـتی بە جۆرێک لە مامۆسـتا تایبەت هەیە کە خاوەنی سـیفەت و کارامەیی بێت کە وا دەکات بتوانێت ئەم جۆرە فێرکردنە بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان لە فێرکردنی ئاوێتە، ڕۆڵی مامۆستا دەبێت هاندەر بێت بۆ بەرهەمهێنانی زانســـت و داهێنان، قوتابی هاندەدرێت کە ئامرازی تەکنیکی بەکاربهێنێت و ئەو بەرنامە فێرکارییانەی کە پێویســـتیانە دابهێنن، هەروەها ڕێگەیان پێدەدات بە دەربڕینی بۆچوون و دیـدگـاکـانیـان کۆنترۆڵی بـابەتی خوێنـدن بکەن، خەســـڵەتەکـانی مـامۆســـتـا لەفێرکردنی ئاوێتەدا ئەمانەی خوارەوەن :-

1. ئاســـانکاری کردارەکان: مامۆســـتای فێرکردنی ئاوێتەر ێنماییەکان پێشـــکەش دەکات و دەرفەتی دۆزینەوەی بابەتەکان بە خودی قوتابیان دەدات بێ ئەوەی دەست بخاتە ناو ڕەوتی فێربوونەکەیانەوە .
2. ئاســـانکاری ناوەڕۆکی بابەتەکانە: بە جۆرێك مامۆســـتا ئەو زانین و زانیاری و ڕاســـتی و هەرچی پەیوەندیدارە بە کارامەییەکانی کردارو بەهاو ئاڕاستەکان بە قوتابیان دەبەخشێت و ئاسانکارییان بۆ دەکات و پاشانیش بە واقیعەوە دەیانبەستێتەوە .

3. تــوێژەرە: مامۆســتا تــوێژینەوەی ڕێکــاری و کرداریــانە ئەنجــام دەدات بــۆ چارەســەرکردنی ئەو گرفتــانەی دێــنە پێشــی، هەروەهــا گەڕان و لێکــۆڵینەوە دەربــارەی هەمــوو شــتێکی تــازەی پەیوەندیــدار بە بــواری پســپۆڕییەکەی، یــان ئەو تایبەتمەنــدی و پســپۆڕییانەی پەیوەندیــدارن بە بابەتەکەوە دەکات (أصلان ، 2015 ، ص31) .

## 4-1-2 قوتابی

قوتابی: لە ژێر ڕۆشــنایی فێرکردن ئاوێتە، قوتابی دەبێت خاوەنی کۆمەڵێک کارامەیی و تواناش بێت، وەک:

1- توانای تێگەیشتن لە سروشتی پرۆسەی فێرکردن ئەو ئەرکانەی کە پێی سپێردراوە و مامەڵەکردن و ڕاهێنانی و گفتوگۆ لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و ئیمەیلەوە هەبێت (محمود ، 2021، ص274) .
2- تێگەیشتنی قوتابی لە ئامانجی فێرکردن ئاوێتە .
3- ئارەزوو و توانای بەشــداریکردنی ڕاســتەقینەی هەبێت لە پرۆســەی فێربووندا بە مەبەســتی کارلێککردن بێت و نەك وەرگربێت (الدوسري ،2020،ص 102 - 103) .

## 4-1-2 پێشەکیەك دەربارەی زانستی جوگرافیا

جوگرافیــا وەك بــابەتێکی زانســتی مرۆڤــایەتی لە دێــر زەمــانەوە ڕۆڵــی خــۆی بینــوە لە ژیــانی مرۆڤــــایەتی دا(أحمـــــدیان ، 2010،لا7)، هەروەهــــا شــــوێنگەی تــــایەتی هەبــــووە لە نێــــو زانســــتەکاندا کە لای هــــیچ کەســــێك شــــاراوە نیــــیە(مشــــیری، 2012،لا8) ، زانــــای یۆنــــانی "ئەراتۆســــتێن" لەســــەردەی (3پ.ز) ژیــــاوە، یەکەم کەس بــــوو کە چەمکــــی "جوگرافیــــا"ی بەکاربردێــــت (ســــلێمان،2013، لا 83) ، مێژوونووســــان پییــــان وایە لانــــی کەم لەســــەردەمی هیــــرۆدۆتەوە، پشــــکێنەران و داگیــــرکەران تیبینییەکــــانی خویــــان بەمەبەســــتی خزمەتکردنــــی حکومەتەکانیــــان و خــــوێنەران بەشــــیوەیەکی گشــــتی تۆمــــارکردووە، کتێبــــی جوگرافیــــای بەتلیمــــــۆس (90 – 168 ز) و، کتێبــــــی جوگرافیــــــای ئەســــــترابو (60 پ.ز – 21 ز) ئەوە دەســــەلمێنن کە یۆنانییــــەکان کــەلــەپــــورێکی جوگرافیــــی گرنگیــــان جێهێشــــتووە(عەتەوی ، 2015،لا 39)، هەروەهــا زانیــارییە جوگرافییەکــان لای عەرەبەکــان گەشــەی کــردووە وە ئیــبن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خلـــدون زانـــای عەرەبـــی لە کتێبەکەیـــدا بەنـــاوی (مقدیمـــة ابـــن خلـــدون) باســـی زۆر بـــابەتی جوگرافیای کردووە(عەبدوڵڵا، 2001،لا 27-28) .

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکـــانی پێشـــووی شـــێوازی بەکارهێنـــانی فێرکردنـــی ئـــاوێتە لە بـــابەتی جوگرافیـــای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا : بڕوانە خشتەی ژمارە (2-1) .

**خشتەی ژمارە(2-1) ڕوونکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو دەربارەی شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا**

| ژ | توێژەر و ساڵ شوێن | ڕێباز و ئامرازی | ئامانجی توێژینەوە | نموونەی توێژینەوە | دەرەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | الدیرشوی 2019 عێراق | نیمچە تاقیکار، تاقیکرد نەوە کە لە (24) بڕگە پێکدێت. | پێوانەکردنی کاریگەریی ستراتیژی فێربوونی ئاوێتە بوو لە سەر بەدەستهێنانی خوێندن و هێشتنەوەی زانیارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یانزەیەمی ئەدەبی لە بابەتی جوگرافیا لە ناوەندی پارێزگای دهۆك. | (47) قوتابی کچ, گرووپی تاقیکاری (20) و گرووپی بەرزەفتکاری (27) قوتابی پێکدێت . | جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە نێوان ناوەندە نمرەی هەردوو کۆمەڵەکەدا هەیە، لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی خوێندن و هێشتنەوەی زانیاری لە ئاستی بەڵگەداریی(0.05) وە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی تاقیکاری . |
| 2 | السبیعی 2019 سعودیە | وەصفی فۆرمی ڕاپرسی | ناسین و زانینی واقعی بەکارهێنانی فێربوونی ئاوێتە بوو لە ڕوانگەی مامۆستایانی زمانی عەرەبی لە وانەوتنەوە بە قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی. | (250)مامۆستای نێر و مێ پێك دێت. | نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لەئاستی (0.05≥a)ی نێوان مامناوەندیی وەڵامدانەوەی مامۆستایان بوو بە ئاراستەی واقعی ئاستەنگەکانی فێربوونی ئاوێتە کە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی ڕەگەز . |
| 3 | مفلح 2016 عمان | نیمچە تاقیکاری بەستوە | ئاشکراکردنی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی تێکەڵاو بوو لە پەرەپێدانی دەستکەوت و هەڵوێست بەرامبەر بە جوگرافیا لە نێوان قوتابیانی پۆلی نۆیەم لە عەممان. | لە(٦٤)قوتابی پۆلی نۆی بنەڕەتی کە جوگرافیا دەخوێنن | جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان کۆی نمرەکانی خوێندکاراندا هەیە بەهۆی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی تێکەڵاو . |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3- ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

### 1-3 ڕێبازی توێژینەوەکە

بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر ڕێبازی وەصفی شیکاری بەکارهێناوە بۆ شیوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا بەهۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە .

### 2-3 کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لە مامۆستایانی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی حکومیە کانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، کە ژمارەیان (185)مامۆستا (42)نێر و (143) مێ لە کۆی 125 قوتابخانەیە بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2021) ، نموونەی توێژینەوەکەم پێکهاتووە لە(100) مامۆستای کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگەکە هەڵبژێردراون، کە ژمارەی ڕەگەزی نێر بریتییە لە (35) بە ڕێژەی (18.91)، ژمارەی ڕەگەزی مێ بریتییە لە (65) بەڕێژەی (35.8) بەشدارن کە تەمەنیان لە نێوان 28 – 60 ساڵە .

### 3-3 ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە

- فۆڕمی ڕاپرسی
- سەرچاوە کوردی و عەربیەکان و ئینگلیزییەکان
- چاوپێکەوتن
- وەررەقەی ڕەنگاو ڕەنگ

### 4-3 ئامرازی توێژینەوەکە

لە ژێر رۆشنایی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر (فۆڕمی ڕاپرسی) وەکو ئامرازی توێژەنەوە بەکارهێنا(سیوەیلی , 2017, لا 6)،ئەو شێوازە زانستییەی کە توێژەر بۆ توێژینەوەی گرتوویەتییە بەر، هەروەها توێژەر دوای پێداچوونەوە بە ژمارەیەک ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشووی پەیوەندیدار بەبابەتی توێژینەوەی ، وەکوتوێژینەوەی (عبیدات، 2013)،( السبیعی، 2019)، و پرس

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ڕاوێژكردن بە پسپۆران و شارەزایان ڕێگاكانی وانەوتنەوە و پێوانە و دەروونزانی و هەڵسەنگاندن و سوودوەرگرتن لە بۆچوونی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی و سەرپەرشتیارانی بابەتە كۆمەڵایەتییەكان، بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی توێژینەوەكەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی، توێژەرەكە فۆرمی ڕاپرسی وەک ئامرازێک بۆ كۆكردنەوەی زانیاری لە چوارچێوەی توێژینەوەكەی ئێستایدا دەستنیشان كرد. توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بە شێوەی سەرەتایی خۆی دیزاین كردووە ، كە پێكهاتووە لە (41) بڕگە دابەشكراوە بەسەر (5) بواردا.

## 5-3 هەنگاوەكانی ڕاستگۆیی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەكە

لێرەدا باس لە ڕاستگۆی و جێگیری ئامرازەكانی توێژینەوەكە دەیكەین بەم شێوەیەی خوارەوە :

### 1-5-3 ڕاستگۆیی پێوەر

بە مەبەستی دەست نیشانكردنی ڕاستی و دروستی ئامرازی توێژینەوە و دڵنیابوون لە بوار و بڕگەكانی ئامرازی توێژینەوەكە، ڕاپرسیەكەمان خستە بەردەست ژمارەیەك لە شارەزایانی بواری ریگاكانی وانەووتنە و دەروونزانی پەروەردەیی و پێوانە و هەڵسەنگاندن لە زانكۆكانی سەلاحەدین و سۆران، داوایان لێكرا لە ریگەی شارەزایی و پسپۆری خویانەوە سەرنج و تێبینییەكانی خۆیان سەبارەت بەبڕگەكانی ڕاپرسیەكە دەربڕن بە( جێگێر بوون یان جێگیرنەبوون و تێبینی)، وەهەر گوڕانكاریەك كە بە پێویستی دەزانن ئەنجامی بدەن ، دوای گەڕانەوەی فورمەكان لای شارەزایان كە بۆ چوونیان وەرگیرابوو لەسەر بڕگەكانی ئامرازە كە لە(5) بوار (41) بڕگە پێكهاتبوون وەك ، بوونی هەندیك تێبینی بە مەبەستی چاكسازی كردن و دەوڵەمەندكردنیان وە دوای دارشتنەوە و ئاوێتەكردنی هەندێك لە بڕگەكان ،لە كۆی(41) بڕگە ڕاپرسییەكە (36) بڕگەی ماوەیەوە بەشێوەی كۆتایی ،ڕاستگۆیی ڕووكەشی كە بۆ پێیوەرەكە ئەنجامدارا بەتێكڕای( 93.7 %) .

### 2-5-3 جێبەجێكردنی پێوەر لەسەر نموونەی ڕاپرسی (استطلاعیە)

دوای ئامادەكردنی بڕگەكانی پێوەرەكە و خستنە بەردەستی شارەزایان و پسۆڕان ، تویژەر پێوەرەكەی جێبەجێكرد لەسەر نمونەیەكی ڕاپرسی كە پێكهاتبوو لە (30) مامۆستای زانستە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی هەشـــتەمی بنەرەتی لە هەردوو ڕەگەز لە قوتـابخـانەکـانی حکومییەکـانی (پەروەردەی ناوەندی هەولێر) بۆ سالی خوێندنی(2021 - 2022) .

### 3-5-3 شـیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوەری شـێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاویتە لە بابەتی جوگرافیا

ئامانج لە ئەنجامدانی شیکاری بڕگە بریتییە لە دەرهێنانی هێزی جیاکاری بڕگەکانە و هێشتنەوەی بڕگە تایبەتەکان لە پێوەرەکەدا و دەرکردنی بڕگە بێ جیاوازییەکان(وحید، 2017،ص 44) .

بۆ گەیشتن بە ڕاستگۆیی بنیاتنانی ڕاپرسی بە پشتبەستن بە هەردوو شێوازی هێزی جیاکاری بڕگەکان و ڕاســتگۆیی گونجانی ناوخۆیی بۆ فۆرمەکان بە مەبەســتی هێشــتنەوەی، یان لابردنی بڕگەکان، کە توێژەر بەدەستی گەیشتبوو لە ڕێگای نموونەی ڕاپرسی کە ژمارەیان (30) فۆرم بوو .

أ- هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەر

ئەم جۆرە ڕاســتگۆییە یەکێکە لەجۆرە گرنگەکان لە دۆزینەوەی هێزی جیاکاری پەرەگرافەکان، و مەبەستمان لێی توانای پەرەگرافە بۆ جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی کە نمرەی بەرزیان هەیە و ئەوانەی کە نمرەی نزم بەدەست دەهێنن لەو سیفەتەی کە لەسەری پێوانە دەکەین(احمد،١٩٨١،ص ٢٥٨) .

پاش ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان توێژەر هەستا بەئەنجامدانی ئەم ڕێکارییانەی خوارەوە:

1- ڕێکخستنی نمرەکان و ڕیزبەندکردنیان لە نزمەوە بۆ بەرز .

2- وەرگرتنی لـە (26.6%) فۆرمـەکـان بۆ نزمترین نمرە کـە کۆمـەڵـەی نزم دەنوێنی، وە وەرگرتنی (26.6%) فۆرمەکان بۆ بەرزترین نمرە کە کۆمەڵەی بەرز دەنوێنێ .

دوای ریزبەندکردنی نمرەی فۆڕمەکان دابەشـــکردنیان بۆ ســـێ بەش ، بەشـــی یەکەم کۆمەڵەی نزم کەنزمترین ئاسـتە (26.6% × 30 ) بکرێت یەکسـانە بە (12)، بەشـی دووەم کە مام ناوەندە لە نێوان هەردوو چینەکە پشـــتگوێ دەخرێت ، بەشـــی ســـێیەم کۆمەڵە بەرز بەهەمان شـــێوەی کۆمەڵەی نزم دەکرێت ،بەم شـێوەیە (8) مامۆسـتا لە کۆمەڵەی نزم و (8) مامۆسـتا لە کۆمەڵەی بەرز وەرگیران، کە کۆی هەردوو کۆمەڵە دەکاتە (16) مامۆستا(والذيابي و سعود،2014،ص ٥٤) .

3- توێژەر تاقیکردنەوەی (T.test independent samples) بۆ دوو نموونەی سـەربەخۆ بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەییەکان بۆ نمرەی هەردوو کۆمەڵەی بەرز و نزم .

پاش دۆزینەوەی هاوکۆڵکەی جیاکاری دەردەکەوێت کە بەهای تائی بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە لەنێوان ( 0.902 - 5.706 )، بەپشت بەستن بەم ئەنجامە ئەگەر بەهای (Sig) هەر بڕگەیەك لەئاستی (0.05) گەورەتربێت ئەوا توێژەر ئەو بڕگەیەی بەبڕگەیەکی جیاوازی یان لاواز داناوە و لایبردووە، سەرجەم بڕگەکان بەهاداری ئاماری بوون، جگە لە هەریەك لە بڕگەکانی تایبەت بە گرفتەکانی پەبوەست بە قوتابیان بڕگەکانی (2،3،4،5،6،8،11) ، بڕگەکانی پەیوەندیدار بە مەنهەج (پرۆگرام) کە بڕگەکانی (6،4) ، بڕگەکانی پەیوەندیدارە بە ژێرخانی فێرکردنی ئاوێتە بڕگەکانی (7،6،5،3) کە بەهای (Sig) هەریەکەیان گەورەتربوو لە هەڵەی ڕێپێدراو (0.05). بەم شێوەیە دوای شیکردنەوە ئامارییەکان بۆ بڕگەکان پێوەرەکە  پێکهات لە(23) .

## ب- ڕاستگۆیی گونجانی ناوخۆیی

پاشان بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پێرسون بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) لەنێوان نمرەی گشتی هەر بڕگەیەك لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە،  هەر بوارێك لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە گشت بڕگەکانی پێوەرەکە پەیوەندییەکی بەهاداری ئامارییان هەیە لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە لە ئاستی کەمتر لە (0.01) و (0.05)، بەشێوەیەك کە بەهای هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون دەکەوێتە نێوان (0.242 – 0.916 ) بەگەڕانەوە بۆ بەهای (Sig) هەر بڕگەیەك، وە لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی بەدەستهاتوو دەردەکەوێت کە هەموو بڕگەکان تایبەتمەندی گونجانی پەیوەستبوونی ناوخۆیی ڕاستگۆییان هەیە ، بەم شێوەیە پێوەری شێوازی بەکارهینانی فێرکردنی ئاوێتە بەشێوەیەکی کۆتایی پێکهات لە (23) بڕگە.

## 6-5-3 جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە

توێژەر بۆ دڵنیابوون لە ئاستی جێگیر بوونی پێوەری توێژینەوەکەی، توێژە هاوکێشەی (الفا کرونباخ )ی بەکارهێناوە بۆ سەرجەم بڕگەکان، کۆی گشتی ڕێژەکەی گەیشتۆتە (0.899)، بەو نمرەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە پێوەرەکەمان جێگیرە، چونکە بەهای (ئەلفاکرۆنباغ ) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( 0.05 ) .

### 6-3 جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە

توێژەر پاش دڵنیابوون لە جێگیری و ڕوونی برگەکانی ئامرازی توێژینەوەکەی بە شـــێوەی کۆتایی کە پێوەرەکە لە (23) بڕگە و (5)بواردا پێکهاتبوو کە بە سەر  نموونەی توێژینەوەکەیدا دابەشیکرد کە پێکهاتبوو لە (100) مامۆســـتای بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشـــتەمی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) .

### 7-3 ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

توێژەر بۆ دەرخســـتنی  ئەنجام و شـــیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە توێژینەوەکەیدا ســـوودی لە ئامرازی ئاماری پێشکەوتووی (Statistic  Package For Social Science) (SPSSv:28)  وەرگرتووە بۆ چارەسەرکردنی داتای بەدەستهاتوو لە فۆڕمی ڕاپرسی ، ئەو شێوازانەشی بەکارتوون بریتییە لە :-

1- تاقیکردنەوەی(One samples- T.test) بۆ یەك نموونە : بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی بەکاردێت.

2- تاقیکردنەوەی(Independent samples - T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەرخۆ : بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکای برگەکان و  جیاوازی ڕەگەزی پێوەرەکە بەکاردێت .

3- هاوکێشەی پەیوەندی (person) : بۆ دۆزینەوەی جێگیری و پەیوەندی نێوان برگەکانی پێوەرکە بەکاردێت .

4- هاوکێشە (Cronbach''s Alpha): بۆ دۆزینەوەی جێگیری  پێوەرەکە بەکاردێت.

5- هاوکێشەی جی کۆپەر(J. Cooper Formula) : بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان بەکاردێت .

## 4-خستنەڕووی دەرئەنجام و شیکردنەوەیان

### 1-4 پێشەکی

تـــوێژەر دوای جێبەجێکردنـــی پێـــوەرەکەی لەســـەر نمـــوونەی تـــوێژینەوەکەی بەشـــێوەی کۆتـــایی ، داخـــل کردنـــی داتاکـــان لە بەرنـــامەی(SPSS) و (Excel)  بەمەبەســـتی شـــیکردنەوی زانارییە ئامارییەکان و خستنەڕوووی دەرئەنجامی توێژینەوەکە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەر بۆ لێکدانەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە ئەم پێوەرەی گرتووەتەبەر کە تایبەتە به پێوەری پێنجینەی لیکارت سکێل بەم شێوەیەی خوارەوە .

1 = ناوەندە ژمێرەیی کەمتر (1.80) = بەئاستی زۆر نزم

2 = ناوەندە ژمێرەیی لەنێوان (1.80 – 2.60) = بەئاستی نزم

3 = ناوەندە ژمێرەیی لەنێوان (2.60 – 3.40) = بەئاستی مام ناوەند

=4 ناوەندە ژمێرەیی لەنیوان (3.40 – 420) = بەئاستی بەرز

=5 ناوەندە ژمێرەیی لەنێوان (420 – 5) = به ئاستی زۆر بەرز(خليف،2021،ص 46- 251) .

**2-4 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پەیوەندیدار بە پرسیاری یەکەم شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایاندا بەشێوەیەکی گشتی لە چ ئاستێك دایە ؟**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژەر هەستا بە هەژمارکردنی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری و ڕیزبەندی و ئاستی سەرجەم برگەکانی پێوەری شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایاندا بۆ گشت بوارەکان وەك لەخشتەی (1-4) ڕوونکراوەتەوە :-

**خشتەی ژمارە (1-4) خستنەڕووی ئەنجامەکانی( One sample -T.test) بۆ شیکردنەوەی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری و پلە و ئاستی بوارەکان پێوەرەکە لە ڕوانگەی مامۆستایاندا(ن=100)**

| ژ | بوارەکان | پلە | ناوەندە ژمیرەیی | لادانی پێوەری | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گرفتی پەیوەندیدار بە مامۆستا | 5 | 3.305 | 0.66175 | مام ناوەند |
| 2 | گرفتی پەیوەندیدار بە قوتابی | 2 | 3.8825 | 0.73465 | بەرز |
| 3 | گرفتی پەیوەندیدار بەمەنهەج(پرۆگرام) | 3 | 3.7025 | 0.69965 | بەرز |
| 4 | گرفتی پەیوەندیدار بە ژێرخانی فێرکردنی ئاوێتە | 1 | 3.9367 | 0.88977 | بەرزە |
| 5 | گرفتی پەیوەندیدار بەڕێگاکانی وانەوتنەوە | 4 | 3.698 | 0.821 | بەرزە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | 3.705 | 0.761 | بەرزە |

خشتەی (4-1) نیشانی دەدات کە گرفتەکانی پەیوەندیدار بە ژێرخانی فێرکردنی ئاوێتە بە پلەی (یەکەم) دێت لە ئاستەکان بە ناوەندە ژمێرەیی (3.9367) بە لادانی پێوەری (0.88977) بە ئاستی (بەرزە) دێت لەپێوەرەکە لای مامۆستایان ، دواتر گرفتی پەیوەندیدار بە قوتابیان بە پلەی( دووەم) دێت بە ناوەندە ژمێرەیی(3.8825) بە لادانی پێوەری (0.73465) بە ئاستی (بەرز) دێت لەپێوەرەکە لای مامۆستایان ، دواتر گرفتی پەیوەندیدار بە مەنهەج (پرۆگرام) بە پلەی (سێیەم) دێت بە ناوەندە ژمێرەیی(3.7025) بە لادانی پێوەری (0.69965) بە ئاستی (بەرز) دێت لەپێوەرەکە لای مامۆستایان ، دواتر گرفتی پەیوەندیدار بە ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە پلەی (چوارەم) دێت بە ناوەندە ژمێرەیی(3.6975) بە لادانی پێوەری (0.82058) بە ئاستی (بەرزە) دێت لە پێوەرەکە لای مامۆستایان ، دواتر گرفتی پەیوەندیدار بە مامۆستایان بە پلەی (پێنجەم) دێت بە ناوەندە ژمێرەیی(3.3050) بە لادانی پێوەری (0.66175) بە ئاستی (مام ناوەندە) دێت لەپێوەرەکە لای مامۆستایان ، بە شێوەیەکی گشتی گشت گرفتەکانی پەیوەندیدار بە پێوەرەکە بەئاستی (بەرز) دێت بە ناوەندە ژمێرەی (3.70484) وە بە لادانی پێوەری (0.76128) لای مامۆستایان ، ئەم ئەنجامەش کە هاوتایە لە گەڵ هەمان ئەنجامی تویژینەوەی (عبیدات،2013) وە توێژینەوەی (السبیعي،2019) .

توێژەر پێی وایە هۆکاری ئاست بەرز بوونی بوارەکانی ئەم پێوەرە دەگەڕێتەوە بۆ دابین نەکردنی پێداویستییەکانی فێرکردنی ئاوێتە و نەبوونی ژێرخانێکی بەهێز بۆ فێرکردنی ئاوێتە ، وەهەروەها گرنگی نەدانی لایەنی پەیوەندیدار بە ڕیگا و شێوازەکانی وانەوتنەوەی نوێ و نەبوونی هاندەرێك بۆ ئەو شێوازە وای کردووە کە پێوەرەکانی ئەم شێوازە لە ئاستێکی بەرزدا بێت .

**3-4 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پەیوەندیدار بە پرسیاری دووەم توێژینەوەکە جیاوازی بەهاداری ئاماریی نییە لەئاستی (0،05) لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەی مامۆستایان بۆ شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نیر و مێ) .**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە خشـــتەی خوارەوە کە تایبەتە بە جیاوازی گۆڕاوی ڕەگەزی(نێر و مێ) هەوڵدەدەین هەر بوارك بەتەنیا وە لە کۆتاییەکەشیدا باسی بوارەکان بکەین بەشێوەیەکی گشتی ، وە توێژەر تاقیکردنەوەی (Independent Samples Test) بەکـارهێنـا بۆ جیـاوازی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێرو مێ )، لە گشـــت بوارەکانی تایبەت بە شـــێوازەکانی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای زانســـتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا پەروەردەی ناوەندی هەولێردا ، ناوەندە ژمێرەیی (نێر) بریتییە لە (3.6919) بە لادانی پێوەری (0.78244) وە ناوەندە ژمێرەیی (مێ) بریتییە لە (3.7118) بە لادانی پێوەری (0.752004) بە پلەی ئازادی (98)، کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە، چونگە ناوەندە ژێرەیی ڕەگەزی مێ گەورەتر لە ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر ، وە بەهای تائی بریتییە لە(0.1836) بە نرخی ئەگەری (0.4966) کە ئەمەش زۆر گەورەترە لە هەڵەی ڕێپێدراو (0.05)، کەواتە هیچ جیـاوازییـەکی بەهاداری ئاماری نییـە لە ئاســـتی (0.05)، کـەواتە گریمانـەی ســـفری وەرگیرا : جیـاوازی بەهاداری ئـاماریی نییە لەئاســـتی (0.05) لەنێوان نـاوەندە ژمێرەیی نمرەی مامۆستایان بۆ شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشـتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆسـتایاندا لە قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێردا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نیر و مێ)،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (4-7) .

**خشتەی ژمارە(4-2) خستنە ڕووی ئەنجامی (Independent Samples Test) بۆ شیکردنەوەی جیاوازی گۆڕاوی ڕەگەزی بۆ پێوەرەکە لە ڕوانگەی مامۆستایاندا (ن=100) .**

| ژ | بوارەکان | ڕەگەز | ن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای t. test بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ: هەژمارکراو (t) | ئەگەی (Sig) | ئاستی بەهاداری (0.05-) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گرفتی پەیوەندیدار بە مامۆستا | نێر | 35 | 3.3143 | 0.71382 | 98 | 0.102 | 0.327 | بەهاداری ئاماری نییە* |
| | | مێ | 65 | 3.3 | 0.63768 | | | | |
| 2 | گرفتی پەیوەندیدار بە قوتابی | نێر | 35 | 3.9643 | 0.79554 | 98 | 0.816 | 0.801 | بەهاداری ئاماری نییە* |

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مێ | 65 | 3.8385 | 0.70216 | | | | |
| 3 | گرفتی پەیوەندیدار بەمەنهەج | نێر | 35 | 3.5857 | 0.7596 | 98 | -1.228- | 0.368 | بەهاداری ئاماری نییە* |
| | | مێ | 65 | 3.7654 | 0.66273 | | | | |
| 4 | گرفتی پەیوەندیدار بە ژێرخانی فێرکردن | نێر | 35 | 3.9238 | 0.86729 | 98 | -106.- | 0.61 | بەهاداری ئاماری نییە* |
| | | مێ | 65 | 3.9436 | 0.90824 | | | | |
| 5 | گرفتی پەیوەندیدار بە ڕێگاکانی وانەوتنەوە | نێر | 35 | 3.6714 | 0.77595 | 98 | -232.- | 0.377 | بەهاداری ئاماری نییە* |
| | | مێ | 65 | 3.7115 | 0.84921 | | | | |
| کۆی گشتی | | نێر | 35 | 3.6919 | 0.78244 | 98 | 0.1836 | 0.4966 | بەهاداری ئاماری نییە* |
| | | مێ | 65 | 3.7118 | 0.752004 | | | | |

چونکە ( Sig.< 0.05 ) .

***تاوتوێکردنی ئەنجامی گریمانەی یەکەم پەیوەندیدار بە جیاوازی شــێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئـاوێتە لە بـابەتی جوگرافیـای زانســتە کۆمەڵایەتییەکـان پۆلی هەشــتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ)؟**

ئەنجامەکانی پەیوەســتە بەم گریمانە دەریان خســت کە هیچ جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە بـەهۆی گۆڕاوی ڕەگەزییەوە ، ئەم ئەنجـامەش کە هـاوتـایە لە گەڵ هەمـان ئەنجـامی توێژینەوەی (عبیدات،2013) وە توێژینەوەی (الســبیعي،2019). وە توێژەرەکە پێی وایە هۆکاری نەبوونی ئەم جیـاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تـاقیگـەکانی کۆمپیوتـەر بـە توانـایـەکی هـاوشــێوە لەنێوان قوتـابخـانەکـانـدا ئـاراســتە کراون ، هەروەهـا مەنهەجی(پرۆگرامی) خوێنـدن هـاوشــیوە ، هەروە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکارهێنانی یەك ڕێگا و شێواز بۆ وانەوتنەوە لە لایەن مامۆستایان ئەویش ڕێگای وانەوتنەوەی کۆنە ، رەنگە بارودۆخی کۆمەڵگە و تەواوی ژینگە فێرکردنەکەش لە ڕووی توانا بەردەستەکان، قوتابیان ، و تواناکانی مامۆستایان لە نێوان قوتابخانەکانی نێر و مێدا هاوشێوەیە، جگە لە بڕوانامە ئەکادیمییەکانیان، لە پەروەردەی ناوەندی هەولێردا هاوشێوەن ، و لە ئەنجامدا، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕوانگە مامۆستایاندا لەسەر شێوازی بەکارهێنانی فێربوونی ئاوێتەدا لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی هەوێردا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزەوە (نێر و مێ)نییە .

### 4-4 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پەیوەندیدار بە پرسیاری سێیەم توێژینەوەکە

**پەیوەندی بەهاداری ئاماریی نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان بوارەکانی شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لەبابەتی جوگرافیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا .**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەکەی ، توێژەر تاقیکردنەوەی پەیوەندی (پێرسۆنی ) بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی ڕادەی پەیوەندی ئاماری گرنگی لە ئاستی (0.05) لە نێوان بوارەکانی شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەسشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا ، بڕوانە خشتەی ژمارە (4-5) ئەنجامەکان دەردەخات.

خشتەکە ئاماژە بەبوونی پەیوەندیەکی گرنگی ئاماری دەکات لە ئاستی (a0.05 ) لەنێوان گرفتەکانی پەیوەندیدار بە مامۆستایان و گرفتەکانی پەیوەندیدار بە قوتابیاندا هەیە ، وە بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندیداربوونی پیرسون بریتییە لە ($0.294^{**}$) بە نرخی ئەگەری (0.003) کە زۆر بچوکترە لە هەڵەی ڕێپێدراو (0.05) بەمەش دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئەرێنی و بەهاداری ئاماری گرنگ هەیە لە نێوان گرفتەکانی پەیوەندیدار بەمامۆستا لەگەڵ گرفتەکانی پەیوەندیدار بەقوتابیان، بۆیە توێژەر گریمانەی سفری ڕەت دەکاتەوەو گریمانەی جێگرەوە وەردەگرێت: پەیوەندییەکی بەهاداری ئاماری هەیە لە ئاستی (0.05). لە نێوان گرفتەکانی پەیوەندیدار بەمامۆستا لەگەڵ گرفتەکانی پەیوەندیدار بەقوتابیان لای مامۆستایان بۆ شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لەبابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێردا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشـــتەکە ئامـــاژە بەبـــوونی پەیوەنـــدیەکی گرنگـــی ئامـــاری دەکـــات لە ئاســـتی (a0.05 ) لەنێـــوان گرفتەکـــانی پەیوەندیـــدار بە مامۆســـتایان و گرفتەکـــانی پەیوەندیـــدار بە مەنـــهەج (پرۆگـــرام) هەیە ، وە بـــەهای هاوکۆلکـــەی پەیوەندیـــداربوونی پیرســـون بریتییـــە لـــە (**0.369) بـــە نرخـــی ئەگـــەری (0.000) کـــە زۆر بچـــوکترە لـــە هەڵـــەی ڕێپێـــدراو (0.05) بەمـــەش دەردەکـەوێت پەیوەندییـەکی ئـەرێنی و بـەهاداری ئامـاری گرنـگ هەیـە لـە نێـوان گرفتەکـانی پەیوەندیـــدار بەمامۆســـتا لەگەڵ گرفتەکـــانی بە مەنـــهەج (پرۆگـــرام) ، بۆیـــە تـــوێژەر گریمانـــەی سـفری ڕەت دەکاتـەوەو گریمانـەی جێگـرەوە وەردەگرێـت: پەیوەندییـەکی بـەهاداری ئامـاری هەیـە لـە ئاسـتی (0.05). لـە نێـوان گرفتەکـانی پەیوەندیـدار بەمامۆسـتا لەگەڵ گرفتەکـانی پەیوەندیـــدار بە مەنـــهەج (پرۆگـــرام) لای مامۆســـتایان بـــۆ شـــێوازی بەکارهێنـــانی فێرکردنـــی ئاوێتە لەبابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێردا .

خشـــتەکە ئامـــاژە بە نەبـــوونی پەیوەنـــدی ئامـــاری دەکـــات لە ئاســـتی (a0.05) لەنێـــوان گرفتەکـــانی پەیوەندیـــدار بە مامۆســـتایان و گرفتەکـــانی پەیوەندیـــدار بە ژێرخـــانی فێرکردنـــی ئـــاوێتە ، وە بـــەهای هاوکۆلکـــەی پەیوەندیـــداربوونی پیرســـون بریتییـــە لـــە (0.112) بـــە نرخـــی ئەگـــەری (0.265) کـــە زۆر گەورەتـــرە لـــە هەڵـــەی ڕێپێـــدراو (0.05) بەمـــەش دەردەکـــەوێت پەیوەندییـەکی بەهـاداری ئامـاری نەرێنـی هەیـە لـە نێـوان گرفتەکـانی پەیوەندیـدار بەمامۆسـتا لەگەڵ گرفتەکـــانی پەیوەندیـــدار بە ژێرخـــانی فێرکردنـــی ئـــاوێتە ، بۆیـــە تـــوێژەر گریمانـــەی سـفری وەردەگرێـت : پەیوەندییـەکی بـەهاداری ئامـاری نییـە لـە ئاسـتی (0.05). لـە نێـوان گرفتەکـانی پەیوەندیـدار بەمامۆسـتا لەگەڵ گرفتەکـانی پەیوەندیـدار بە ژێرخـانی فێرکردنـی ئـاوێتە لای مامۆسـتایان بـۆ شـێوازی بەکارهێنـانی فێرکردنـی ئـاوێتە لەبـابەتی جوگرافیـای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێردا .

خشـــتەکە ئاماژە بە نەبوونی پەیوەندی ئاماری دەکات لە ئاســـتی (a0.05) لەنێوان گرفتەکانی پەیوەندیدار بە مامۆســـتایان و گرفتەکانی پەیوەندیدار بە ڕێگاکانی وانەوتنەوە ، وە بـەهای هاوکۆلکەی پەیوەندیداربوونی پیرســـون بریتییە لە (0.137) بە نرخی ئەگەری (0.173) کە زۆر گەورەترە لە هەڵەی ڕێپێدراو (0.05) بەمەش دەردەکەوێت پەیوەندییەکی بەهاداری ئاماری نەرێنی

هەیە لە نێوان گرفتەکانی پەیوەندیدار بەمامۆســتا لەگەڵ گرفتەکانی پەیوەندیدار بە رێگاکانی وانەوتنەوە ، بۆیە توێژەر گریمانەی ســفری وەردەگرێت : پەیوەندییەکی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاســتی (0.05). لە نێوان گرفتەکانی پەیوەندیدار بەمامۆســتا لەگەڵ گرفتەکانی پەیوەندیدار بە رێگاکانی وانەوتنەوە لای مامۆستایان بۆ شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لەبابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێردا .

*** تاوتوێکردنی ئەنجامی گریمانەی دووەم : پەیوەندی بەهاداری ئاماری هەیە لە شێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئـاوێتە لە بـابەتی جوگرافیـای زانســتە کۆمەڵایەتییەکـانی پۆلی هەشــتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایاندا ؟**

تــوێژەر پێــی وایە بــوونی پەیوەنــدی ئامــاری گرنــگ لە نێــوان گرفتەکــانی پەیوەندیــدار (مامۆســتا و قوتــابی و مەنــهەج (پرۆگــرام) دەگەڕێــتەوە بــۆ بــوونی ئەو پەیوەنــدییە بەهێــزەی کە لەنێــوان مامۆســتا و قوتــابی و مەنهەجــی(پرۆگرامــی خوێنــدا ) هەیە بەردەم مامۆســتاو قوتــابی لەگەڵ یەکتــرن و کە مەنــهەج(پرۆگــرام) پێکەوەیــان دەبەســتێتەوە بــۆ بەتەواو کەری یەکتر دادەنرێت بۆ بەڕێوەبردی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن .

هەروەهــا نەبــوونی پەیوەنــدی لە نێــوان گرفتەکــانی پەیوەندیــدار (مامۆســتا و ژێرخــانی فێرکردنــی ئــاوێتە و رێگاکــانی وانەوتــنەوە ) شــتێکی ئاســاییە کە پەیوەنــدی لەنیوانیانــدا نەبیــت ، بەهــۆی ئەوەی مامۆســتا بەردەوام وانەی خــۆی دەلێــتەوە لە قوتابخــانە و ژیــانی ئاســای خــۆی بەرێ دەکــات یــان بەهــۆی ژینــگەی ئەو کۆمەڵگــایەی تێــدا دەژیــت بەهــۆی نەبــوونی هۆشــیاری پەروەردەی ئاگایــان لە ژێرخــانی فیرکردنــی ئــاوێتەوە نەبێــت، وە ســەبارەت بە نەبــوونی پەیوەنــدی لەنێــوان گرفتەکــانی پەیوەندیــدار بە مامۆســتا و ریگاکــانی وانەوتــنەوە ئەمەش دەگەرێــتەوە بــۆ ئەوەی مامۆســتایان هەر لەســەر رێگــا کــۆنە رۆیشــتوون و هەوڵیــان نەداوە رێگــا و شــێوازێکی نــوێ تــاقی بــکەنەوە ،ئاگــاداری رێگــا و ســتراتیژییە نوێیەکــانی وانەوتــنەوە نــین ، یــان نەبــوونی هانــدان و کــار و چــالاکی و کــردنەوەی خــول و ڕاهینان بۆ مامۆستایان لە لایەن سەرپەرشتیارانی بواری پەروەردە و فێرکردن .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە لایەکی دیکەوە توێژەر پێی وایە واقیعی ژیان لە ناوچەکە و تایبەتمەندییە هاوپێچەکانی گەشەکردن و گۆڕانکاری و هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵگا لە کلتوری مۆدێرنیتەدا ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر کولتوری مامۆستایان لە وەرگرتنی ڕۆشنگەری زانستییەوە داوە بۆ کولتوری زانستی و پاشان پێچەوانە کردەوە بۆ قوتابیەکانیان لە قۆناغەکانی خوێندن .

**خشتەی ژمارە (3-4) خستنەڕووی ئەنجامی(پەیوەندی پێرسۆن) بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بوارەکانی پێوەرەکە لە ڕوانگەی مامۆستاندا(ن=100) .**

| ژ | بوارەکان | | گرفتی پەیوەندیدار بە مامۆستا | گرفتی پەیوەندیدار بە قوتابی | گرفتی پەیوەندیدار بە مەنهەج | گرفتی پەیوەندیدار بە ژێرخانی فیرکردنی | گرفتی پەیوەندیدار بە ریگاکانی وانەوتنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گرفتی پەیوەندیدار بە مامۆستا | پەیوەندی پێرسۆن | 1 | 0.294** | 0.369** | 0.112 | 0.137 |
| | | بەهای ئەگەری(sig) | | 0.003 | 0.000 | 0.265 | 0.173 |
| 2 | گرفتی پەیوەندیدار بە قوتابی | پەیوەندی پێرسۆن | 0.294** | 2 | 0.396** | 0.243* | 0.292** |
| | | بەهای ئەگەری(sig) | 0.003 | | 0.000 | 0.015 | 0.003 |
| 3 | گرفتی پەیوەندیدار بە مەنهەج(پرۆگرام) | پەیوەندی پێرسۆن | 0.369** | 0.396** | 3 | 0.198* | 0.404** |
| | | بەهای ئەگەری(sig) | 0.000 | 0.000 | | 0.048 | 0.000 |
| 4 | گرفتی پەیوەندیدار بە ژێرخانی فیرکردنی ئاوێتە | پەیوەندی پێرسۆن | 0.112 | 0.243* | 0.198* | 4 | 0.380** |
| | | بەهای ئەگەری(sig) | 0.265 | 0.015 | 0.048 | | 0.000 |
| 5 | گرفتی پەیوەندیدار بە ڕیگاکانیوانەوتنەوە | پەیوەندی پێرسۆن | 0.137 | 0.292** | 0.404** | 0.380** | 5 |
| | | بەهای ئەگەری(sig) | 0.173 | 0.003 | 0.000 | 0.000 | |

** واتە پەیوەندیەکی گرنگی ئامارییە لە ($sig < 0.01$) * واتە پەیوەندیەکی گرنگی ئامارییە لە ($sig < 0.05$)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 5- دەرئەنجا م و ڕاسپاردە و پێشنیار

### 1-5 دەرئەنجام

1- ئەنجامەكان ئەوەیان سەلماند، كە بوارەكانی شێوازی بەكارهێنانی فێركردنی ئاویتە لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا لە ئاستێكی بەرزدایە .

2- ئە نجامەكان ئەوەیان سەلماند ، جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە بۆ گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) بۆ گشت بوارەكانی شێوازی بەكارهێنانی فێركردنی ئاویتە لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا .

3- ئەنجامەكان ئەوەیان سەلماند، پەیوەندی بەهاداری ئاماری ئەرێنی هەیە لە نێوان بوارەكانی گرفتەكانی پەیوەندیدار (مامۆستا و قوتابی و مەنهەج (پرۆگرام) ، پەیوەندی ئاماری نەرێنی هەیە لە نێوان بوارەكانی گرفتەكانی پەیوەندیدار (مامۆستا و ژێرخانی فێركردنی ئاوێتە و ڕێگاكانی وانەوتنەوە ) لە شێوازی بەكارهیننانی فیركردنی ئاوێتە لە بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی ناوەندی هەولێردا .

### 2-5 ڕاسپاردە

1- پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بەژێرخانی فێركردنی ئاوێتە هەوڵ بدرێت بدرێت ژێرخانێكی بەهێز بۆ فێركردنی ئاوێتە بنیات بنرێت .

2- كردنەوەی خول و ڕاهێنانی و وورك شۆپ و كۆنفراسی زانستی بۆ مامۆستایان و قوتابیان لە بوارەكانی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا و ڕێگا و شێوازەكان نوێی فێركردن .

3- پێویستە سەرپەرشتیاران هانی مامۆستایانی زانستە كۆمەڵایەتییەكان (جۆگرافیا)بدات بۆ بەكارهێنانی شێوازی فێركردنی ئاویتە لە گشت قۆناغەكانی خوێندندا كە قوتابی تەوەری سەرەكی پرۆسەی فێركردنە .

### 3-5 پێشنیار

تویژەر لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەكەی ئێستای ، پێشنیاری ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەك دەكات كە لە دوارۆژدا تویژینەوەیان لەسەر بكرێت ، لەوانەش :-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- ئەنجامدانی توێژینەیەکی تری هاوشـــێوە لە هەمان بابەت ، بەڵام لە قۆناغە جیاوازەکانی تری خوێندندا .

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تری هاوشێوە بە شێوەی ئەزموونی (تجریبی) .

3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەســەر کاریگەری شـــێوازی بەکارهێنانی فێرکردنی ئاوێتە لەبابەت جوگرافیا لەسەر دەستکەوتی قوتابیان .

## سەرچاوەکان

**یەکەم :کوردیەکان**

- أحمديان، د.محمد علی (2010). تایبەتمەندییە جوگرافیاییەکانی وڵاتانی ئیسلامی، و:نظمی قادر،چ1،چ:چوار چرا-سلێمانی .

- سولەیمان، موحەمەد محمود (2013). جوگرافیاو ژینگە،و:ئاسۆ وەهاب و رزگار فایەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا .

- سیوەیلی ,ئیدریس(2017) پێگەی ئیسلامییەکان لە هەرێمی کوردستان, ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ، (2017/11/23).

- شێروانی ،چیمەن هەمزە دەرویش(2012) .کاریگەری بەکارهێنانی شێوازی فێرکردنی هەرەوەرزی لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە بابەتی ئەدەبی کوردی و گەشەپێدانی مەیلی ئەدەبی و نەریتەکانی عەقڵییاندا،(نامەی ماستەر بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر- هەرێمی کورستانی -عێراق.

- عەبدوڵڵا ،خەبات (2001). بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور،چ 1، چ: تیشك، سلێمانی.

- عەتەوی، د.عەبدوڵڵا(2015) . جوگرافیای مرۆیی ؛و:د.هاورێ یاسین محمدامین و م. ئەحمەد عەلی ئەحمەد ،چاپخانەی تاران , بڵاوکاری : ناوەندی غەزەلنووی ،سلێمانی .

- محمد، احمد محمد(2021) ، ڕێگای وانەوتنەوە لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا ،چ 1 ،چ.ماڵی ڕاستی ،.

- مشیری ،د.رحیم (2012). جوگرافیای کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا(ئۆراسیا)،و:نظمی قادر تەویڵەیی،چ:نارین.

**دووەم: عەرەبییەکان**

- ابو الريش ،الهام حرب (2013) .فاعلية برنامج قائم على التعليم المدمج في تحصيل طالبات الصف العاشر في النحو والاتجاة نحوه في غزة ،(رسالةماجستير منشورة)،كلية التربية- الجامعة الإسلامية– غزة ، فلسطين.

- احمد،محمد عبد السلام (١٩٨١) .القياس النفسى والتربوى، مجلد 1، مكتبه النهضه المصريه، القاهره،مصر.

- أصلان ،محمد رياض مصطفى (2015) .فاعلية توظيف التعلم المدمج لتنمية مفاهيم الوراثة و مهارات التفكير التأملي في العلوم الحياتية لدى طلاب الصف العاشر الأساسي (رسالةماجستير منشورة) ،درجت الماجستير في المناهج وطزق التدريس من كلية التربية بالجامعة الإسلامية – غزة، فلسطين .

- الدوسري ،فاتن علي محمد (2020). صور مقترح لتطوير متطلبات التعلم المدمج في تدريس الرياضيات للمرحلتين المتوسطة والثانوية وفق رؤية المملكة (٢٠٣٠) من وجهة نظر معلماتها بمحافظة عفيف ، مجلة العلوم التربوية ،مجلد 5 ، عدد 1 ، المملكة العربية السعودية،(2020)،الصفحة 89- 132.

- الديرشوي ،عبد المهيمن عبد الحكيم (2019). أثر إستراتيجية التعلم المدمج على التحصيل الدراسي و استبقاء المعلومات لدى طالبات الصف الحادي عشر الأدبي في مادة الجغرافية بمركز محافظة دهوك-العراق، الجامعة الأردنية عمادة البحث العلمي،العلوم التربوية،مج، المجلد 46، العدد 1،ملحق 1، الاردن، الصفحة271-286.

- السبيعي،علي رسام هاجد (2019)، واقع استخدام التعلم المدمج من وجهة نظر معلمي ومعلمات اللغة العربية في تدريس طلاب المرحلة الابتدائية,المجلة العربية للنشر العلمي,العدد(21), سعودية,الصفحة553-577 .

- العمرى، عبدالمجيد بن عبدالهادى (2012). مطالب استخدام التعلم المدمج ( الخليط ) في تدريس العلوم الطبيعية من وجهة نظر معلمي العلوم بالمرحلة الثانوية(رسالةماجستير منشورة)، ، كلية التربية بمكة المكرمة– جامعة ام القرى،المملكه العربية السعودية،.

- الفقي ،عبدالله إبراهيم (2011).التعلم المدمج التصميم التعليمي-الوسائط المتعددة التفكيرالابتكاري، دار الثقافة للنشروالتوزيع,عمان .

- برهوم,اماني محمود محمد (2013). اثر استخدام اسلوب التعليم المدمج على التحصيل و تنمية مهارات استخدام المستحدثات التكنولوجية المتضمنة في مساق تكنولوجيا التعليم لدى طالبات كلية التربية بالجامعة الاسلامية– غزة, (رسالة ماجستير غير منشورة), فلسطين .

- خليف ،إيناس خليف (2021).دور التعليم المدمج في التنمية المستدامة لدى طلبة الجامعات الفلسطينية من وجهة نظر أعضاء هيئة التدريس ،(رسالةماجستير منشورة)،كلية دراسات العليا فى جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين،ص 19- 20 .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- خميس ،محمد عطية (2003). منتوجات تكنولوجيا التعليم ، دار الكلمة ، القاهيره ،ص 255 .
- زيتون، حسن حسين (2005). رؤية جديدة في التعليم "التعلم الإلكتروني": المفهوم - القضايا -التطبيق - التقييم ، الدار الصوتية للتربية، الرياض، المملكة العربية السعودية.
- شواهين ،خير سليمان (2016). كتاب التعلم المدمج والمناهج المدرسية ، ط 1،دار النشر: عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع ، اربد - الاردن.
- عبيدات ، أحمد بلال فندى (2013).صعوبات تطبيق التعلم المبرمج فى المدارس الثانويه فى محافظه إربد من وجهه نظر المعلمين. (رساله ماجستير منشوره). جامعه الشرق الأوسط، الأردن .
- عديل ،حنين (٢٠١٩)ما هو التعليم المدمج، (آخر تحديث:١٤:٢٤، ١٠ مايو . .com/%D3https://mawdoo
- محمود ، أ.م.د.مديحة فخري(2021). متطلبات تطبيق التعليم المدمج بجامعة حلوان " دراسة ميدانية"، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسيه ، المجلد 15، العدد 1، مصر، الصفحة 257-367 .
- مفلح ،على سليمان (2016). فاعلية استخدام استراتيجية التعلم المدمج في تنمية التحصيل والاتجاه نحو مادة الجغرافيا لدى طلاب الصف التاسع الأساسي بمدينة عمان، مجلة العلوم التربوية جامعة القاهرة معهد الدراسات التربوية المجلد 24، العدد 1، مصر، الصفحة 1-27.
- والذيابي، فاضل زامل صالح و سعود، قصي عجاج (2014) .التفكير الجانبي لدى طلبة الجامعة، مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية و الاجتماعية،مج. 2، ع. 209، العراق ، الصفحة 33-62.

وحيد،مصطفي فاضل (2017).دافعية الاتقان وعلاقتها بالمرونة المعرفية لدى طلبة الجامع،( رسالة ماجستير) ، كلية التربية، العلوم التربوية والنفسية، جامعة القادسية،العراق .

**سێیەم: ئینگلیزییەکان**

- Lee , Doris (2008) "Blended Learning for Employee Training ؛Influencing Factors and Important Considerations", : International Journal of Instructional Media(Vol. 35, Issue 4), ,p363. http://link.gale.com/apps/doc/A273359026/AONE?u=anon~a7d59481&sid=googleScholar&xid=025a58c9.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Style of Using Blended Learning in The Subject of The Geography of The Eighth Grade from The Perspective of Teachers

**Heersh Rashid Abdulrahman**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
hersh.rashed1991@gmail.com

**Dr. Hemn Muhamad Ismail**
Department of Geography, College of Art's, Soran University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Hemn.Ismail@soran.edu.iq

***Keywords***: *Using, Blended Learning, Geography, Perspective, Teachers*

## Abstract

This study aims to determine the level, relationship and differences of gender variables for the items and areas of the criteria of the use of blended teaching methods in geography in the eighth grade of public primary school from the perspective of teachers, The researcher used a descriptive analysis approach, The research community consists of all social science teachers of the eighth grade of primary school, which numbers (185) teachers in Erbil Central Education for the academic year (2021-2022), To achieve the objective of his research, the researcher prepared a survey scale for teachers' views that consisted of (23) items, After ensuring the stability and accuracy of the measure, the researcher implemented the measure on the sample of the study which consisted of (100) teachers, (35) males and (65) females, After collecting the data and analyzing them with the statistical program (spss) the researcher reached the following conclusions: The scale and its areas are generally high in teachers' perspective, There is no statistically significant difference at the level of (0.05) for the gender variable of the scale from the teachers' perspective, There is a statistically significant relationship for the measure between the problem areas related to (teachers, students, curriculum), but there is no statistically significant relationship for the measure between the problem areas

related to (blended learning infrastructure, teaching methods), The researcher makes several suggestions and recommendations.

**ملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى تحديد مستوى وعلاقة واختلاف متغيرات الجنس لبنود ومجالات معايير استخدام طرق التدريس المختلطة في الجغرافيا للصف الثامن الابتدائي من وجهة نظر المعلمين, استخدم الباحث منهج التحليل الوصفي, يتألف مجتمع البحث من جميع معلمي العلوم الاجتماعية من الصف الثامن الابتدائي وعددهم (185) معلمًا في المدارس الحكومية التعليم المركزي أربيل للعام الدراسي(2021-2022) , ولتحقيق الهدف من بحثه أعد الباحث مقياس مسح لآراء المعلمين مكون من (23) فقرة, وبعد التأكد من ثبات ودقة المقياس نفذ الباحث المقياس على عينة الدراسة التي تكونت من (100) معلم و (35) ذكر و (65) أنثى, بعد جمع البيانات وتحليلها مع البرنامج الإحصائي (spss) توصل الباحث إلى الاستنتاجات التالية: المقياس ومجالاته عالية بشكل عام من وجهة نظر المعلمين, لا توجد فروق ذات دلالة إحصائية عند مستوى (0.05) لمتغير الجنس في المقياس من وجهة نظر المعلمين,توجد علاقة ذات دلالة إحصائية للقياس بين مجالات المشكلة المتعلقة بـ (المعلمين ، الطلاب ، المناهج الدراسية) ولكن لا توجد علاقة ذات دلالة إحصائية للقياس بين مجالات المشكلة المتعلقة بـ (البنية التحتية للتعلم المدمج ، طرق التدريس)، يقدم العديد من الاقتراحات والتوصيات.